# دەشتی هەولێر..
# پێویستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئیفراز 4 هەیە


- پارکێکی هاوچەرخ و دوو بەنداو لەژێر ئەنجامدانە
- لەم ساڵدا لە دەشتی هەولێر 300 هەزار مەتر شەقام قیرِتاوکراوە


دەشتی هەولێر کە شارۆچکەی بنەسڵاوە ناوەندی ئیدارەکەیەتی و ناحیەکانی ( کەسنەزان و دارەتوو قوشتەپە) و چەند کۆمەڵگەیەك و ١١٠ گوند لەخۆدەگرێت و زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسی تێیدا نیشتەجێیە. بەمەش دەشتی هەولێر بە گەورەترین قەزای سنووری پارێزگای هەولێر دادەنرێت، گردبوونەوەی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان وایکردووە خەڵکی پێویستیان بە کارو پرۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر بێت، چونکە قەبارەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی ناوچەکە یەك ناگرێتەوە، بەتایبەتی لەقەزایەکدا کە دوای پرۆسەی تەرحیل و راگواستنی خەڵکی کەرکوك بەشێوەیەکی بێسەروبەرو بێ خزمەتگوزاریی فراوان بووە. هاووڵاتیانی دەشتی هەولێر داوای بودجەیەکی تایبەت دەکەن بۆ ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان و خێرا جێبەجێکردنی پرۆژەکان. بەتایبەتی لەبوارەکانی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و قیرتاو کردنی کۆڵان و شەقامەکان و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردەو تەندروستی. لەدوو توێی ئەم راپۆرتەی گۆڤارەکەماندا داواکاری و رەخنەی هاووڵاتیان بڵاودەکەینەوە، دواتر حوسێن کەلاری قایمقامی دەشتی هەولێر بەراشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوەو جگە لەوەی ئاماژەی بەو پرۆژانەدا کە حکومەتی هەرێم بەتایبەتی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر جێبەجێی دەکات هاوکات باسی لەو پێداویستیانەش کرد کە ناوچەکە پێویستێتی.




# هاووڵاتیان:
# بودجەیەکی تایبەتمان بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێویستە











بنەسڵاوە کە سەنتەری قەزای دەشتی هەولێرەو پێشتر حکومەتی بەعس لەدوای پرۆسەی تەرحیل و راگواستنی هاووڵاتیانی کەرکوك بەشێوەیەکی بێبەرنامەو بێسەروبەر لەشێوەی کۆمەڵگەیەکی زۆرە ملێی دروستی کردووە، ئێستا رێژەی لە ١٢٪ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لەسنووری ئەم قەزایە نیشتەجێیە، هەربۆیە ناکرێت لەپرۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەش بن. بۆ زیاتر خستنەڕووی داواکاری و گلەیی هاووڵاتیان وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای دەشتی هەولێرمان کردوو لە نزیکەوە لە ناو سەنتەری قەزاو گەڕەك و سنوورەکەدا چەند هاووڵاتییەکمان دواند. سەرەتا لەگەڕەکی ٤ی هەزاریی ئافرەتێك بەناوی بەیان مەجید ئاماژەی بە پێداویستی قەزاکەیان لە پرۆژەکانی شارەوانی بەتایبەتی لەبواری شەقام و رێکخستنی کۆڵانەکان کرد، هاوکات ئەوەشی راگەیاند کە ئاوی خواردنەوەیان خراپەو بەناچاری بەسۆندە لەشوێنێکی ترەوە ئاویان راکێشاوە. هاووڵاتی موحسین مەحمود خراپی ئاوی خواردنەوەیانی بۆ خراپی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو نایەکسانی دابەشکردنی گەڕاندەوە، ئەم هاووڵاتییە داوای لەحکومەتی هەرێم کرد بودجەیەکی تایبەت بۆ قەزای دەشتی هەولێر دابین بکرێت تاوەکو هەڵمەتێکی فراوانی قیرتاوکردن و رێکخستنی شۆستەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر جێبەجێ بکرێت. بەمشێوەیە هەروەکو هاووڵاتی سەروەر نوری لەبلۆکی ١٥ ئاماژەی پێدا بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر کارو پرۆژە خزمەتگوزاریی بۆ قەزاکەیان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا کەموکوڕیی و کێشەی دیکەی خزمەتگوزاریی هەیە وەکو کەمی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی شۆستەو دوورگەکانی ناوەراستی زۆربەی شەقامە سەرەکییەکان و نەبوونی دارودرەخت و باخچەو پارك و نەبوونی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هاوچەرخ و کەمی پزیشکی پسپۆڕو شارەزا. لەلایەکی ترەوە لەنزیك ئەم گەڕەکە شوێنێکی بەخێوکردنی مەڕومالاتی لێیە کە بەقسەی دانیشتووانی گەڕەکەکە بەهیچ شێوەیەك گونجاو نییەو لە بۆن و پیسی بێزاربوون، باخچەو پارك و شوێنی یاری منداڵان لەناو گەڕەکەکاندا بە یەکێك لە پێداویستەکانیان دادەنرێت، لەم رووەوە هاووڵاتی عاسی عومەر وتی: بنەسڵاوەو ناحیەکانی قەزای دەشتی هەولێریش پێویستی بەباخچەو پارك و شوێنی حەوانەوەو یاریکردنی منداڵان هەیە، تەنانەت لەناوەراستی دوو سایدەکەشدا پێویستی بەدرەخت و سەوزایی هەیە. لە گەڕەکی قەڵاتیش کە زیاتر لە ٢٠٠٠ماڵ دەبن هاووڵاتیی محەمەد عەبدوڵڵا باسی لە تاپۆکردنی خانووەکانیان کردوو وتی: داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان خانووەکانمان بۆ تاپۆ بکەن. هەر سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزاریەکان هاووڵاتی سەبری تەها وتی: ماوەیەکە زیاتر بە ڕۆژ کارەباکەمان دەبرێت و ئاومان رۆژێك نا رۆژێك بۆ دێت کە پێشتر بەم شێوەیە نەبوو، ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرتنەوەی زبڵو خاشاکیش سێ رۆژ جارێك دێت، بەمەش زبڵو خاشاکێکی زۆر لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبێت. لەدووتوێی راپۆرتەکەماندا چاومان بەژمارەیەکی زیاتری هاووڵاتیان کەوت کە پوختەی داواکارییەکانیان تایبەت بوو بە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانەکان و قیرتاوکردن و چاککردنی شەقام و کۆڵانەکان و دروستکردنی باخچەو یاریگاو جوانکردنی بازاڕەکەیان، داوایان لەیەکەی ئیدارەی قەزاکەشیان کرد مشووری لێپرسینەوەی ئەو کۆمپانیانە بخوات کە پرۆژەی سەقەتی نیشتەجێبوون لەسنوورەکەیان جێبەجێ دەکەن یا کەمتەرخەمن لەجێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.



قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر بۆ (گوڵان):

# لەدروستکردنی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون پرس بە ئێمە نەکراوەو کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوەیان هەیە



**داواکاریی هاووڵاتیانی قەزای دەشتی هەولێر ئاراستەی حوسێن کەلاری قایمقامی دەشتی هەولێرمان کرد. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە..**

سەرەتا قایمقامی دەشتی هەولێر پێی وابوو بەپێی ئەو ماستەرپلانەی بۆ شاری هەولێر جێبەجێکراوە قەزای دەشتی هەولێر دەبێتە بەشێك لە شاری هەولێر، هەربۆیە قەزاکەیان لەداهاتوویەکی نزیکدا لە رووی کارو خزمەتگوزارییەکانەوە سەر بە شارەوانییەکانی شاری هەولێر دەبێت، تەنانەت بەپێی ئەو ماستەرپلانەی هەیە حیساب و توێژینەوەو بۆ هەموو کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کراوە، بەڵام بە تەئکید هەموو ئەو گەڕەك و کۆمەڵگا تازانەی نیشتەجێبوون کە لە سنووری نێوان دارەتوو و بنەسڵاوە و لە نێوان کەسنەزان و شاویس و مەلا ئۆمەر دروستکراون لەگەڵ ئەو بەرفرەوانییە خێراییەی لە خودی سنووری قەزاو ناحیەکانی سنوورەکە هەیە هەر هەموویان لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروستکراون، ئەمەش پێویستی بە کوژاندنەوەو کاری زۆر هەیە چونکە پارچە زەوییەکان بە شێوەی کارت بەسەر هاووڵاتیان دابەشکراوە و ئەمەش پێویستی بە تاپۆ کردن هەیە، هۆکاری دواکەوتن و تەواو نەبوونی ئەو مامەڵانەشی بۆ زۆر ژمارەی کارتەکان و قورسی مامەڵەو پرۆسەکە گەڕاندەوە.

سەبارەت بە دروستکردنی کۆمەڵگاکانی تازەی نیشتەجێبوون کە لە سنوورەکە کراون قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی: ئەو کۆمەڵگا تازانەی کە پێشتر دروستکراون هیچ هەماهەنگیەك و پرسێکیان لەگەڵ ئێمە نەبووە، هەر نەبوونی ئەو هەماهەنگییەیە بۆتە کێشەو گرفتێکی گەورە لەنێوان ئیدارەی ناوچەکە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، بۆ نموونە یەکێك لە کێشەکان ئەو کۆمەڵگایانە هەر هەموویان گرفتی کەم ئاویان هەیە و لەکاتێکدا بەدواداچوون بۆ بیری ئاوەکانیان دەکەین ئەوە دەبینین بەپێی ستانداردی جیهانی و خۆمان ئەنجام نەدراوە و وەبەرهێنەران و بەڵێندەرەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دوور لە رێنماییەکان بیرەکانیان هەڵکەندووە و دەستەی وەبەرهێنانیش بەدواداچوونی لەسەریان نەبووە، بۆیە بەداخەوە یەکێك لە کێشەکانی هەمانە لەگەڵ خودی دەستەی وەبەرهێنانە، چونکە لەبری ئەوەی دەستەی وەبەرهێنان ببێتە لایەنی داکۆکیکارو بەرگریکاری هاووڵاتیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگاکاندا ئەو بۆتە بریکارو پارێزەری وەبەرهێنەرو بەڵێندەرەکان.

سەبارەت بە کێشەی ئاو لە سنووری قەزای دەشتی هەولێر قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی: وەکو ئاماژەم پێدا چەند ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت ئەوەندە کارو پرۆژەو بودجەی زیاتری پێویستە، هەر بۆ نموونە سێ ساڵ پێش ئێستا لە هەر شوێنێکی ئەم سنوورە بیرێك لێ بدرابووایە تەنیا ١٢٠مەتر هەڵدەکەندرا، بەڵام ئێستا زیاتر لە ٣٠٠مەتر بیر هەڵدەکەندرێت دەبینین تەنیا ٢٠خولەك ئاوی هەیە ئەمەش بۆ دابەزینی ئاوی ژێر زەوی دەگەڕێتەوە. ئێستا کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوە لە سنوورەکە هەیە، بۆیە پێویستیمان بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورەی وەکو پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ هەیە، هیواداریین بە هیمەتی وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاری هەولێر پەلە لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بکەن.

لە ساڵی ٢٠١٢ وەزیری شارەوانی و نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ و پارێزگاری هەولێر بۆ ئاگادار بوون لە نزیکەوە لە کەمی ئاوی خواردنەوە سەردانی قەزای دەشتی هەولێریان کرد بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگا تازانەی کە لە سنوورەکە هەیە و خۆیان دیتیان کە کێشەکە چەند گەورەیە و بڕیاریش درا کە چارەسەر بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو کارو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی سنوورەکە کراوە لە٩٠٪ی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرە، هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٢بەبڕی ٤٤ملیار دینار کارو پرۆژەمان لە سنووری قەزای دەشتی هەولێر هەبووە و ئەمساڵ ٢٠١٣تا ئێستا رەزامەندی ٣٥ملیار دینار لە بودجەی پەرەپێدان بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکان لەسەر پەرەپێدان وەرگیراوە، هەر بۆیە

■ **وەزارەتی تەندروستی بەڵێنی داوە نەخۆشخانەیەک بۆ قەزای دەشتی هەولێر دروست بکات**

■ **قەزای دەشتی هەولێر دەکەوێتە ناو ماستەرپلانی هەولێرەوە**

■ **ئەمساڵ ٢٠١٣تا ئێستا رەزامەندی ٣٥ملیار دینار لە بودجەی پەرەپێدان بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکان لەسەر پەرەپێدان وەرگیراوە**

ئێمە بەردەوام داوامان لە وەزارەتـــەکان کردووە کە کارو پڕۆژە لـــە ســـێکتەرە خزمەتگوزارییەکان بکەن، بـــەڵام ئەوان هیچ وەڵامێکیـــان نییە. ئـــەو کارو پرۆژانەی وەکـــو لێدانی بیری ئـــاوی خواردنەوەو و تۆڕی دابەشـــکردنی ئـــاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی شۆســـتە و چاککردن و قیرتاو کردنی شەقام و کۆڵانە ناوخۆییەکان هەر هەمووی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاوە جێبەجێ دەکرێن، هەر بۆ نموونە تەنیا ئەمساڵ لەناو گەڕەکەکانی ناحیەی کەســـنەزان نزیکـــەی ٣٠٠هەزار مەتر کۆڵان و شەقام قیرتاو کراوە و لەناو بنەسڵاوە سەنتەری قەزاوە ٤٠هەزار مەتر و لە دارەتوو و قوشـــتەپەش چەند هەزار مەتر کۆڵان و شـــەقام قیرتاو کراون، ئەم کارو پرۆژانەش بەردەوامە تا هەموو گـــەڕەك و کۆڵانێك لە ســـەنتەری قەزاو ناحیە و کۆمەڵـــگاکان قیرتاو دەکرێن و هەر ئێســـتا ١٢٠هەزار مەتر شەقام و کۆڵان لە ناو بنەسلاوە و ٥٠هەزار مەتر لە کەسنەزان و چەند هەزار مەتریش لە ناحیە و شـــوێنەکانی تر ئامادەن بۆ قیرتاو کردن، هەروەها لەم رۆژانەدا تیمی قیرتاو کردن دەچنە شـــاویس کە زیاتر لە ١٧٠هەزار مەتر چوار گۆشە ئامادەییە قیرتاوی دەکەن ئەم کارو پرۆژانە هەمووی لەســـەر بودجەی پەرەپێدانە. لەرووی باخچەو پارکیشـــەوە پارکێکی هاوچەرخ و بەرفـــرەوان لەژێر ئەنجام دانە و بۆ ناو گەڕەك و شـــوێنەکانی تری قەزاو ناحیەو کۆمەڵـــگاو گەڕەکەکانیش بەرنامەو پلان بۆ دروســـتکردنی چەندین پارك و باخچەو یاریگای منداڵان هەیـــە. ئەوەی دەمێنێتەوە کێشـــەی تاپۆکردنی ئەو زەویانەیە کە لـــەدوای ١٩٩١وە دابەش کراون کە ژمارەیەکی زۆرن ئەوە ژووری عەمەلیاتیان لەلایەنـــی پەیوەندارەکانەوە بۆ دانراوە و پرۆژەی تاپۆ کردنەکە دەستی پێکردووە.


سەبارەت بە کەموکوری و کێشەکانی هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر وتی: کێشەمان لە بینایەی قوتابخانەو میلاکات هەیە، چونکە ســـاڵ لەدوای ســـاڵ رێژەو ژمارەی قوتابیان لە زیادبوونە. لەرووی کەرتی تەندروستیشەوە داوامانکردووە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی تر لە ســـەنتەری قەزاو ناحیەو سنوورەکە دروست بکرێت و بۆ نەخۆشخانە زەویشـــمان بۆیان دابین کردووە، بەڵام تا ئێستاکە نەخۆشخانەیەك لە ئاستی پێویستی خەڵکی ناوچەکە دروست نەکراوە. هەروەها لەرووی کەرتی کشتوکاڵەوەیشەوە پێویستمان بەوەیە پرۆژەی ئاودیری بۆ جوتیاران ناوچەکە دروســـتبکرێت. ئەمـــە لەگەڵ ئەوەی ئێســـتا دوو بەنـــداو یەکێك لە چەمی چەمرگە و ئەوی تریش لە خوار قوشتەپەیە لە ژێر ئەنجامدانە و پرۆژەی بەنداوێکی تریش لە ناوچەی قەشقە و خوڕخوڕ لە قۆناغی دیزاین و نەخشەســـازی دایە کە بۆ گلدانەوەی ئاوی بارانە تا بەفیڕۆنەچێت.

**پارکێکـــی هاوچـــەرخ و بەرفرەوان لەژێر ئەنجـــام دانە و بۆ ناو گەڕەك و شـــوێنەکانی تری قـــەزاو ناحیەو کۆمەڵگاو گەڕەکەکانیش بەرنامەو پلان بۆ دروستکردنی چەندین پارك و باخچـــەو یاریگای منداڵان هەیە، هەروەها بەمەبەســـتی گلدانـــەوەی ئاو دوو بەنداو لـــە چەمی چەمرگە و لە خوار قوشـــتەپە لە ژێر ئەنجامدانە. بەشێوەیەکی گشتی لەساڵی ٢٠١٢بەبڕی ٤٤ملیار دینار کارو پرۆژە لە سنووری قەزای دەشتی هەولێر هەبووە و ئەمساڵ ٢٠١٣تا ئێستا رەزامەندی ٣٥ملیار دینار لە بودجەی پەرەپێدان بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکان لەسەر پەرەپێدان وەرگیراوە.**









**١٢٠هەزار مەتر شەقام و کۆڵان لە ناو بنەسلاوە و ٥٠هەزار مەتر لە کەسنەزان و چەند هەزار مەتریش لە ناحیە و شوێنەکانی تر ئامادەن بۆ قیرتاو کردن**

**داوامانکردووە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی تر لە سەنتەری قەزاو ناحیەو سنوورەکە دروست بکرێت**

**زۆربەی پارچە زەوییەکان بە شێوەی کارت بەسەر هاووڵاتیان دابەشکراوە و ئەمەش پێویستی بە تاپۆ کردن هەیە**

**گەورەترین گردبوونەوەی دانیشتووان لەسنووری پارێزگای هەولێر داوای پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر دەکەن**